## رۆناڵدینۆ: پاش بەدەستهێنانی نازناوی باشترین یاریزانی جیهان، گۆڵەکەی لەریاڵ مەدرید بوو بەجوانترین گۆڵی ٢٠٠٥



ریژوان

رۆژنامەی گازێتا دیللۆ سپۆرتی ئیتاڵی لەسەر سایتی خۆی بلاوی کردەوە، گۆڵی سێهەمی رۆناڵدینهۆی یاریزانی یانەی بەرچەلۆنەی ئیسپانی بەجوانترین گۆڵی ٢٠٠٥ دانرا، گکەلەیانەی ریاڵمەدریدی کرد، کاتێك توانی هەردوو یاریزانی بەرگری یانەی ریاڵ مەدرید رامۆس‌و هێلگێرا ببڕێت‌و بەشێوەیەکی زۆر هونەری گۆڵی سێهەم بۆ یانەی بەرچەلۆنە تۆمار بکات

## جامی یانەکانی ئیسپانیا

ڕۆژانی چوار شەممە و پێنج شەممە یاریەکانی قۆناغی (٨) یانەیی خولی جامی یانەکانی ئیسپانیا دەستی پێکرد و چوار یاری تیا ئەنجام درا، سیستەمی یاریەکان بە شێوازی چوون و گەڕانەوە ئەنجام دەدرێت، شەوی چوار شەممە سێ یاری ئەنجام درا، یانەی ڕیاڵ مەدرید لە یاریگای خۆیدا توانی لە یانەی ڕیاڵ بیتس بباتەوە بەئەنجامی (١ ٠) گۆڵکەی ڕیال مەدرید یاریزانی بەڕازیلی ڕۆبینهۆ لە دەقیقەی (٤٤) دا تۆماری کرد، بەم بردنەوەیەش سەر کەوت بۆ قۆناغی چوار، وە لە یاری دووەمدا یانەی ئیسپانوێل بە ٢ ٠ لە یانەی کادێزی بردەوە و سەرکەوێت بۆ قۆناغی چوار، هەروەها لە یاریەکی تردا یانەی ڤالەنسیا و دیپۆرتیڤۆ لاکرۆنا بەیەك گەیشتن ڤالەنسیا توانی گۆڵێك تۆمار بکات، بەڵام لە دەقەی ٤٤ دا یاریەکە ڕاگیرا بەهۆی پێکرانی یاریدەدەری داوەر لەلایەن هاندەرانەوە و واچاوەڕوان دەکرێت هەفتەی ئایندە ئەم یاریە تەواو بکرێت.

شەوی پێنج شەممەش دوو یاری ئەنجام دران لە یاریگای زاراگۆزا هەر دوو یانەی زاراگۆزا و بەرشەلۆنە بەیەك گەیشتن و لە ئەنجامدا یانەی زاراگۆزا بە (٤ ٢) لە یانەی بەرشلۆنە بباتەوە، وە ئەم یاریە یاری چوونە و یاری گەڕانەوە هەفتەی ئایندە لە یاریگای بەرشەلۆنە ئەنجام دەدرێت.

## خولی تۆپی پێی یانە پلە نایابەکانی کوردستان

لە ئەنجامی یاریەکانی قۆناغی یەکەمی خولی تۆپی پێ ی یانە پلە نایابەکانی کوردستان لە هەر دوو گروپی ئەاف و باء چوار یانە سەرکەوتن و گەیشتنە چوار گۆشەی زێرین . شێوازی ئەم یاریانە بە ڕێگای چوون و هاتوو بوو ، یەکەم و دووەمی هەر گروپێك سەرکەوت بۆ چوار گۆشەی زێرین ، لە گروپی ئەلف هەر دوو یانەی سلێمانی و خانەقین سەرکەوتن و لە گروپی باء هەر دوو یانەی پێشمەرگە و چەمچەماڵ سەرکەوتن .

ڕۆژی هەینی ٢٠/١/٢٠٠٦ دوو یاری ئەنجام درا لە یاریگای چەمچەماڵ هەر دوو یانەی چەمچەماڵ و سلێمانی بە یەك گەیشتن ، یانەی سلێمانی بە ئەنجامی ١ ٠ لە یانە چەمچەماڵی بردەوە ، وە لە یاریگای سلێمانیش هەر دوو یانەی پێشمەرگە و خانەقین بە یەك گەیشتن و لە ئەنجامدا یانەی پێشمەرگە بە ئەنجامی ٣ ٢ لە خانەقینی بردەوە .

هەروەها ڕۆژی هەینی ٢٨/١/٢٠٠٦

هەر دوو یاری هاتوو ئەنجام درا لە

یاریگای سلێمانی هەر دوو یانەی سلێمانی و چەمچەماڵ بە یەك گەیشتن که یانەی سلێمانی بە ئەنجامی ٢ ١ توانی یاریەکە بباتەوە بەم بردنەوەیەش سەرکەوت بۆ یاری کۆتای، وە لە یاریگای خانەقینیش هەر دوو یانەی خانەقین و پێشمەرگە بەیەك گەیشتن لە ئەنجامدا یانەی پێشمەرگە ٣ ٢ لەیانەی خانەقینی بردەوە و بردەوە و سەرکەوت بۆ یاری کۆتای

## خولی تۆپی باڵەی یانە پلە نایابەکانی کوردستان

بەبەشداری شەش یانە خولی تۆپی باڵەی یانە پلە نایابەکانی کوردستان دەست پێ دەکات، وە ئەوەی جێی ئ ئاماژە پێ کردنە سەرجەم یاریەکان لە هۆڵی یانەی پێشرمەرگە لە سلێمانی بەڕێوە دەچێت.

ڕۆژی هەینی ٢٠/١/٢٠٠٦ جەولەی یەکەمی یاریەکانی تۆپی باڵەی یانە پلە نایابەکانی کوردستان ئەنجام درا کە تیایدا یانەی حاجی ئاوا بە ئەنجامی ٣ ٢ گێم لە یانەی ڕزگاری خانەقینی بردەوە، وە لە یاریەکی تردا یانەی شۆڕجەی کەرکوك توانی بە ئەنجامی ٣ گێم بەرامبەر گێمێك لە یانەی کۆیە بباتەوە ، هەروەها یانەی پێشمەرگە و ئازادی لە یاری سێهەمدا بە یەك گەیشتن ، یانەی پێشمەرگە بە ئەنجامی ٣ ٢ گێم توانی سەرکەوێت بە سەر یانەی ئازادیدا.

هەروەها ڕۆژی هەینی ٢٧/١/٢٠٠٦ جەولەی دووەمی یاریەکان ئەنجام درا کە تیایدا هەر سێ یانەی ( شۆڕجە و کۆیە و پێشمەرگە ) توانیان یاریەکان لە بەرژەوەندی خۆیان کۆتای پێبێنن بەم شێوەیە.

ئازادی × شۆڕجە ( ١ ٣ )
حاجیئاوا × کۆیە ( ٠-٣ )
پێشمەرگە × ڕزگاری ( ٣ ٠ ).

## ڤان باستن

# خۆی لەمەدرید دەبینێتەوە



ڕاهێنەری هەڵبژاردەی هۆڵەندەو ئەستێرەی بەناوبانگی پێشووی یانەی ئەی سی میلانی ئیتاڵی، دانی بەوەدا نا کەبووەتە جێگەی سەرنجی یانەی ریاڵ مەدریدی ئیسپانی، پاش ئەوەی ڕاهێنەری یانەی یۆڤانتس فابیۆ کابیلۆ ئەو داوایەی ریاڵی ڕەتکردەوە، هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاند، کەیانەکە بەتەمایە ڕاستەوخۆ دوای تەواو بوونی مۆندیالی ٢٠٠٦، ئەم ڕاهێنەرە بباتە لای خۆی، جێی وەبیرهێنانەوەیە ئەم ڕاهێنەرە توانی هەڵبژاردەی هۆڵەندا بگەیەنێتە دوا یارییەکانی جامی جیهانی ٢٠٠٦،

## ئەلفان بوو بەپاڵەوانی ڕاڵی دەکاری ٢٠٠٦

پاش ململانێیەکی زۆر بەهێزو پاش پانزە قۆناغ، بۆ یەکەمجار جار لۆك ئەلفای فەرەنسی، شۆفێری ئۆتومبێلی میتسیۆبیشی توانی ببێتە پاڵەوانی بیستۆ هەشتەمینی راڵی دەکار، کەتوانی بەسەر رکەبەرەکەیدا ڤینیاڵ دی فیەی باشووری ئەفەریقا، کەشۆفێری ئۆتومبێلی ڤۆلکس ڤاگنە، بەجیاوازی ١٧،٥٣ خولەك لیی بردەوە بەم شێوەیە دی فیە پلەی دووەمی بەدەستهێنا، هەروەها شۆفێری



رۆژنامە ئەهلییەکی گشتی ئازادە

خاوەن ئیمتیاز: ئاسۆ شێخ کەمال
(٠٧٧٠١٤١٤٣٤٣) (٠٧٣٠١١٦٦٢٨٣)

سەرنووسەر: ئاوات محەمەد
(٠٧٧٠١٥٣٣٦٢٤) (٠٧٣٠١١٧٩٥١٦)

بەڕێوەبەری هونەری: سەلام مارف


ناونیشان:
سلێمانی— شەقامی سابەنکەران
بازاڕی سەید برایمی بەقاڵ نهۆمی دووەم

E-mail:
rozhnama@yahoo.com
rozhnama@gmail.com

## خولی باڵەی یانە پلە نایابەکانی کوردستان

پەیامنێری رۆژنامە

رۆژی هەینی خولێکی تری یاریەکانی باڵەی یانە پلە نایابەکانی کوردستان ئەنجامدرا، لەیاری یەکەمدا یانەی حاجیئاوا بە٣ ٢ گێم لەیانەی رزگاری خانەقینی بردەووە، لەیاریەکی تردا یانەی شۆڕجەی کەرکوك بە ٣ ١ گێم لەیانەی کۆیەی بردەووە، لەیاری سێهەمدا یانەی پێشمەرگەو ئازادی بەیەکگەیشتن‌و لەئەنجامدا یانەی پێشمەرگە بە٣ ٢ گێم لەیانەی ئازادی بردووە،



ئاسۆیی:
١ـ گۆرانی بێژێکی کۆچ کردوی کوردە .
٢ـ ە+ گونجا .
٣ـ ولاتێکە لە ئەوروپا .
٤ـ دوو پیت لە بانە ، وەکو یەکە .
٥ـ دوو پیت لە نیل ، ژیر .
٦ـ ...............................
٧ـ خواردنی ئاژەڵە "پ" ، منداڵ حەزی لێیەتی .
٨ـ چەمێکە "پ" .
٩ـ ژمارەیەکە"پ" .
١٠ـ ...............................
١١ـ ولاتێکە لە ئەفریقیا + ی "پ" .
١٢ـ بازارێکە لە سلێمانی .

ستونی :
١ـ شاعیرێکی دیاری کوردە .
٢ـ پیت ، دووپیت لە سەما .
٣ـ باشترین جۆری چا .
٤ـ گەریدەیەکی جیهانیە ، زارۆك "پ" .
٥ـ نەخێر "پ" ، وەکو یەکە .
٦ـ نیوەی سایە ، دوو پیت لە تبن .
٧ـ ناوێکی عەرەبی کورانەیە ، عەمود ، دارێکە "پ" .
٨ـ دوو پیت لە وەرە ، بۆچون .
٩ـ نەرێت ، هی من بە عەرەبی ، بێدەنگ .
١٠ـ گۆرانییەکی هونەرمەند کەریم کابانە + ا .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com